# ئاوەڕۆیەک بەبڕی (٢) ملیۆن و (٥٧٠) هەزار دۆلار دروستکراو دواتر هەڵوەشێنرایەوە

سلێمانی، حەسەن عەسکەری

ئەندازیار خەسرەو عەزیز سەرۆکی شارەوانی بەکرەجۆ بەوەکالەت، بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: بڕی ملیارێك و (٦٥٠) ملیۆن دینار لەپارێزگای سلێمانییەوە تەرخانکراوە، بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆیەکی سندووقی لەلای ئەو ئاوەڕۆ لولەییەی ساڵی پار دروستکراوە بۆ گەڕەکی دابان و بەشێك لەگەڕەکی زانکۆو مەلیك مەحمود.

وتیشی: (٢٠) ڕۆژە دەست بەهەنگاوی یەکەمی پڕۆژەکە کراوەو لەبارەی هەڵوەشانەوەی ئاوەڕۆ لولەییەکانی ئەو گەڕەکە، سەرۆکی شارەوانی وتی: پێش دەستبەکاربوونی من لەشارەوانی، ئەو ئاوەڕۆ لولەییانە دروستکراون و هۆکاری هەڵوەشاندنەوەکەشی گەڕاندەوە بۆ بچووکی قەبارەی ئاوەڕۆکە، کە لەلایەن کۆمپانیای لازۆ-وە دروستکراوەو بەرگەی دانیشتوانی گەڕەکەکە ناگرێت.

لەلایەکی دیکەوە سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ئاوەڕۆی لولەیی لەکۆمپانیای لازۆ، بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: ئاوەڕۆ لولەییەکە لە(٢٢/٨/٢٠٠٥)ەوە، دەست بەدروستکردنی کراوەو (٣٦٠) ڕۆژ ماوەی تەواوکردنی بووەو وتیشی: بڕی (٢) ملیۆن و (٥٧٠) هەزار دۆلاری تێچووە.